Kurdistannet کوردستان نێت

# له كوردستاندا زیاتر له دانیمارك
# سووكایه‌تی به‌ پێغه‌مبه‌ری خوا ده‌كرێت!

تۆفیق كه‌ریم*

ساڵی ١٤٢٦ی كۆچیمان به‌ڕێكرد به‌كپی‌و به‌ بێده‌نگی، گومان ده‌به‌م له‌ ناو ڕۆشنبیرانیشدا زۆریان بێ ئاگان له‌ تێپه‌ڕبوونی ئه‌م ساڵه‌، هه‌رچه‌نده‌ له‌ مێژووی ئیسلامدا ئه‌وه‌نده‌ بایه‌خ به‌ ناوه‌ڕۆك دراوه‌ به‌و شێوه‌یه‌ گرنگی به‌یادكردنه‌وه‌ی بۆنه‌كان نه‌دراوه‌، به‌ڵام له‌م كۆمه‌ڵگه‌ ئیسلامیه‌دا كه‌ ده‌بینیت له‌ یاده‌كانی دیكه‌دا چ هه‌ڵایه‌ك به‌رپا ده‌كرێت‌و ئه‌م بۆنه‌ ئاینییانه‌ چه‌ند كزۆڵ‌و تێده‌په‌ڕن ناچاری له‌سه‌ریان هه‌ڵوێسته‌ بكه‌یت، پرسیارت لا دروست ببێت به‌ حه‌قیقه‌تی بیری خۆت‌و ده‌ووروبه‌ره‌كه‌تدا بچیته‌وه‌.

ئه‌م ته‌وه‌ره‌ بنج‌و بناوانی قوڵه‌و له‌ وتارێكی ڕۆژنامه‌وانیدا جێگه‌ی نابێته‌وه‌، بۆیه‌ به‌ ته‌نیشت هه‌مان ته‌وه‌ره‌وه‌ بابه‌تێكی دی ده‌وروژێنم، وه‌ك ڕێز له‌ یادو بۆینه‌ ئاینییه‌كان ناگیرێت بۆ كاتێك سوكایه‌تییان پێده‌كرێت لێی قڕو قپبین!؟

هه‌فته‌ی ڕابردوو له‌سه‌ر سوكایه‌تیكردنی ڕۆژنامه‌یه‌كی دانیماركی به‌ پێغه‌مبه‌ری خوا، مسوڵمانانی ئه‌و وڵاته‌و زۆر له‌ موسڵمانانی جیهان ناڕه‌زاییان ده‌ربڕی، به‌ به‌یانده‌ركردن‌و خۆپیشاندان‌و فه‌تواو فشاری دبلۆماسی‌و سیاسی‌و ئابوریی له‌ سه‌ر دانیمارك، ته‌نانه‌ت موسڵمانانی به‌غدا ئه‌و هه‌مو چه‌رمه‌سه‌ریه‌ی هه‌یانه‌ سه‌رقاڵی نه‌كردن له‌وه‌ی وه‌ده‌نگ بێن، به‌ڵكو خۆپیشاندانیان دژی سازدا.

**( ئه‌دی ئێمه‌ی كورد له‌ كوردستان چیمانكرد )؟!**

دژی دانیمارك نا.. ده‌زانم ماوه‌نه‌و زۆریشمان ماوه‌ بگه‌ینه‌ ئه‌و قۆناغه‌، به‌ڵكو دژی ئه‌و سوكایه‌تیه‌ی له‌ كوردستاندا به‌رامبه‌ر به‌ هه‌موو موقه‌دداساتی ئیسلامی ده‌كرێت؟

ئه‌وی له‌ دانیمارك كراوه‌ كه‌مو سوكتره‌ له‌وه‌ی له‌ كوردستان ده‌كرێت، نه‌ك له‌ ڕۆژنامه‌یه‌كدا، به‌ڵكو ڕۆژانه‌ له‌ گۆڤارو ڕۆژنامه‌و كتێبه‌كاندا له‌و بێڕێزییه‌ به‌رامبه‌ر خواو دین‌و پێغه‌مبه‌ر بڵاوده‌كه‌نه‌وه‌، كه‌چی كه‌س ورته‌ی لێوه‌ نایه‌، ئه‌وه‌ی چه‌ند وتاربێژێكی به‌ڕێزو لقی هه‌ڵه‌بجه‌ی یه‌كێتی زانایان لێی وه‌ده‌نگ هاتن، مایه‌ی ڕێزو هه‌ست به‌ به‌رپرسیارێتی كردنه‌، به‌ڵام ئه‌وانه‌ زۆر كه‌من به‌ به‌راوورد له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌موو بێ ئه‌ده‌بیه‌ی كه‌ كراوه‌و ده‌كرێت به‌رامبه‌ر ڕموقه‌ده‌ساتی ئیسلامی.

ئه‌گه‌ر له‌مباره‌یه‌وه‌ هه‌ر بڵێین‌و به‌ڵگه‌ نه‌نوسین دوور نییه‌ به‌ڕێزێك ئه‌م بابه‌ته‌ به‌ كه‌فوكوڵ‌و هه‌ڵچوونێكی بێجێ دانێت، بۆیه‌ چه‌ند به‌ڵگه‌یه‌ك له‌و سوكایه‌تیانه‌ دێنمه‌وه‌، هه‌ر چه‌نده‌ نمونه‌ هێنانه‌وه‌ له‌ زۆریدا، پوش بژار كردنه‌ له‌ كا، ته‌نها ناوی كتێب‌و وتاره‌كان كه‌ سوكایه‌تی به‌ ئیسلام ده‌كه‌ن چه‌ند لاپه‌ڕه‌ی ده‌وێت چ جای ناوه‌ڕۆكه‌كانیان. ئه‌م هه‌ڵمه‌ته‌ش له‌م ساڵانه‌ی دواییدا درندانه‌تر بووه‌، به‌ تایبه‌ت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاش هاتنی سوپای ئەمریکا. بەڵام نمونە بە کامیان بهێنمەوە بە کتێبی "بێ خودایان" یان "ئافرەتو سێکسو شەریعەت"ی مەریوان هەڵەبجەیی، ئەمانە هیچکامیان ناکەم بە نموونە، چونکە نوسەرەکانیان یان ناسراونین، یان نەخوێندەوارنو دەربارن! چییان بۆ هات تەرجەمەیەکی سەقەتی دەکەن، جا ئەو دزیە بە ناوی خۆیانەوە، یان نازناوێکەوە بڵاو دەکەنەوە، وەك "خوێننامە"کەی مەریوان کە بە ناوی زەردەشتییەوە بڵاوکردووەوە.

دەمەوێت نمونە بە نوسینی کەسێکی ئەکادیمی وەك دکتۆر جەمال ڕەشید، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین بهێنمەوە، کە دەزگایەکی ڕەسمی وەك ئاراس بۆی چاپو بڵاوکردوەتەوە.

ئەو لە بەرگی سێهەمی کتێبەکەیدا (ظهور الكورد فی التاریخ) سەبارەت بە باوکی پێغەمبەران (ئیبراهیم) "سەلامی خوای لێ بێ" نوسیویەتی: وكان الزواج لایزال داخلیا باعتراف ابراهیم للفرعون علی ان ساره هی اخته و زوجته فی نفس الوقت وكذلك تكوین لوط علاقة جنسیة مع بنتیە.." . لە لاپەڕە ٤٠١ی هەمان کتێبدا پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد ﷺ بە کوڕی باوکی خۆی دانانێتو نوسیویەتی:" وقد ساد بین القرشیین ان محمدا ولد بعد موت عبداللات (والده) باربع سنوات، ولا ندری كیف قبل المطلب ان یولد حفید لة من عبداللات بعد موته باربع سنوات". لە هەمان کتێبدا ڕەدی ئەوە دەکاتەوە کە پێغەمبەر ﷺ ناوی محمد بێت، یان باوکی ناوی عەبدوڵلا بێت، وەمەسەلەی سینگ لەت کردنیشی بەدرۆو ئەفسانە دەزانێت. ( فان محمد اخوة لا یعرف عنهم فی المصادر الاسلامیة شیئا البتة وذلكلانهم اما ماتوا قبل فترة البعث او انهم رفضوا الایمان بمحمد. ومع الاسف هناك فی كتب السیرة النبویة ارهاصات تتعلق بمیلاد محمد بن عبدالله (وا سمه الحقیقی قثم بن عبد اللات والاخبار المتعلقة بایام طفولتة التی شق خلالها ملكان من الملائكة بطنة عندما كان یرعی الغنم البریة حسب الاساطیر الاسلامیة).

دوای ئەم چەند دەقە کە لەو کتێبەی جەمال ڕەشیدەوە وەرگیراون، دەپرسین جیاوازی چییە لە نێوان دانیمارکو کوردستان لە سوکایەتی کردن بە پێغەمبەری خوا ﷺ؟! باشە بۆ دەبێت جەماوەری موسڵمانی کورد لەو سوکایەتییە بەدەنگ نەیەت؟ ئایا زانایانی ئیسلام لەم بارەیەوە چی دەفەرمون؟ بۆ دەبێت لایەنە ئیسلامییەکان لەدژی ئەم بێ ئەدەبیانە قسەیان نەبێت، خۆ ئەگەر لە سەر خۆیان شتێکی وا بنوسرایە بە تەلەفزیۆنو ڕادیۆو ڕۆژنامەکانیان دنیایان بە وەڵامدانەوە دەهەژاند. ئایا هەردوو ئیدارەکە پارێزەری دەستورو یاسان چۆن ئەم سوکایەتییە بە پێغەمبەری خوا لە یاسادا جێ دەکەن؟

ئایا شەخسی سەرۆکی هەرێم کە زۆر جار پابەندی خۆی بە ئیسلامەوە دووپات دەکاتەوە، ئەم سنوور بەزاندنەی قبوڵە؟ بە تایبەت کە کتێبەکە لە لایەن دەزگای ئاراسی سەر بە ئیدارەی هەولێر چاپکراوە؟!

* سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کۆمەڵ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com